**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی پێکدادانی هاتوچۆ شاری هەولێر بەنمونە

**سورێن ئەکرەم حمەنجم**

بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان , زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

surenakram@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٣/١٨

پەسەندکردن:٢٠٢١/٤/٢٢

بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢١

**Keywords**:
*Car accident, social impact, transportation rood, the victom of car accident, main reasons of car accident.*

Doi:

10.25212/lfu.qzj.6.2.08

## پوختە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بە ئامانج و مەبەستێك ئەنجام دەدەرێت، ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیە دەرخستنی شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی پێکدادانی هاتوچۆیە لە هەرێمی کوردستان، ئەم توێژینەوەیە لە شاری هەولێر ئەنجام دراوە، نمونەی توێژینەوەکە (50) کەسە و بەشێوەی مەبەستدار وەرگیراون، ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم لایەنی تیۆرییە و دابەشکراوەتە سەر سێ بەش، بەشی یەکەم بریتییە لە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاری کردنی چەمکەکان، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و تێیدا (گرفت، گرنگی، ئامانج)ی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو، لە باسی دووەمدا پێناسەی چەمکەکانی (شوێنەواری کۆمەڵایەتی، پێکدادانی هاتوچۆ، شاری هەولێر) کراوە. بەشی دووەم تەرخان کراوە بۆ خستنەڕوی تۆڕی گواستنەوە و گەیاندن لەناوەندی شاری هەولێر، پاشان مێژوی هێنانی ئۆتۆمبێل و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر باسکراوە. بەشی سێیەم دابەش کراوەتە سەر دوو باس، لە باسی یەکەم هۆکارەکانی زۆربوونی ڕوداوەکانی هاتوچۆ خراوەتەڕو، لەباسی دووەمدا ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاتووچۆی هەولێر شیکراوەتەوە. هەروەها تەوەرەی دووەم لایەنی پراکتیکی توێژنەوەکەیە ئەویش لەبەشی چوارەم (کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، نمونەی توێژینەوەکە، میتۆدی توێژینەوەکە،کەرەستە ئاماریە بەکارهاتووەکان) خراوەتەڕوو. بەشی پێنجەم تایبەت کراوە بە خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، پاشان ئەنجام و پێشنیازەکان خراوەتەڕوو.

## پێشەکی:

دیاردەی پێکدادانی هاتوچۆ یەکێکە لە سەرەکیترین گرفتەکانی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمی کوردستان، ساڵانە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییان بە ڕوداوەکانی هاتوچۆ گیان لەدەست دەدەن بۆیە پێویستە ئاوڕ لەم دیاردەیە بدرێتەوە و بەدوای هۆکار و شوێنەوارەکانی بگەڕێین. ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش پێکهاتووە، سێ بەشی سەرەتا لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە و دوو بەشی کۆتایی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە و وەرگرتنی زانیارییە لەو کەسانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆهاتون.

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاری کردنی چەمکەکان

## باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### 1. گرفتی توێژینەوەکە:

لە دوای ئازادی عێراق ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیل هێنرایە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ زیادبونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان ژمارەی پێکدادانەکان و قوربانییەکانیش زیادی کرد. ئەم دیاردەیە بووە گرفتێکی سەرەکی کۆمەڵگە و چەندین کاریگەری و شوێنەواری لێ کەوتەوە، ئێمەش وەك گرفتی توێژینەوەکە دەمانەوێت بزانین (ئایا پێکدادانی هاتوچۆ چ شوێنەوارێکی کۆمەڵایەتی لەژیانی شۆفێراندا دروست دەکات؟)

2. گرنگی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنەوە گرنگی خۆی هەیە کە بریتین لە:

**أ. لایەنی تیۆری:** دەكرێت لەلایەنی تیۆرییەوە چەند زانیارییەك كۆبكرێتەوە لەسەر تۆڕی ڕێگاوبانەكانی شاری هەولێر، هۆكارە سەرەكییەكانی زۆربونی پێكدادانی هاتوچۆ و ڕێگاكانی كەمكردنەوەی پێكدادانەكان...

**ب لایەنی پراكتیكی:** پاش خستنەڕووی ئامار و شوێنەوارەكانی پێكدادانی هاتوچۆ، دەكرێت لایەنی پەیوەندیدار ئاوڕێك لەم گرفتە بداتەوە و ڕێگا و ئامرازی جیاواز بگرێتە بەر بۆ كەمكردنەوەی ئەم دیاردە و گرفتە كۆمەڵایەتییە.

3. ئامانجی توێژینەوەكە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

1. دەرخستنی شوێنەوارە كۆمەڵایەتییەكانی پێكدادانی هاتووچۆ.
2. لێكدانەوە و شیكاری بۆ ئامارەكانی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر.

## باسی دووەم: دیاریكردنی چەمكەكان

1. شوێنەواری كۆمەڵایەتی:

بریتییە لە چەند پاشهاتێكی كۆمەڵایەتی كە لەئەنجامی ڕووداوی هاتووچۆ دروست دەبێت، Willaim P. Scott, 1999: 129 هەروەها بریتییە لە دەرئەنجامێک كە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە دروست دەبێت و كاردەكاتە سەر بونیادی كۆمەڵگە و هاوسەنگی و هەماهەنگی بنیادی كۆمەڵگە تێك دەدات وەك زۆربوونی (مردن، كەم ئەندام، بێ هاوژین، بێ باوك...) ( Kadiyala Jamgannadha Sarma، ٢٠١١، ١٠٩) كەواتە دەتوانین بڵێین شوێنەواری كۆمەڵایەتی ڕووداوی هاتووچۆ بریتییە لەو ئەنجام و دەرئەنجامە كۆمەڵایەتییانەی بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە دروست دەبن و كاردەكاتە سەر لایەنی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگە وەك ( دروستبوونی كێشە لەخێزان، هەژاری و قەرزابوون، مردن، كەم ئەندام بوون، نەخۆشی درێژخایەن، دوژمنداری، هتد...).

2. ڕووداوی هاتوچۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوداوێکە بەبێ پلانی پێشوەختە ڕودەدات، توشی ئامرازێک یان چەند ئامرازێکی گواستنەوە دەبێت، لە ئەنجامدا زیانی ماددی و مەعنەوی دروست دەکات. ڕووداوی هاتوچۆ جۆراوجۆرە، دەکرێت دابەشی بکەین بۆ چەندجۆرێك لەوانە :

أ. شێلان: ئەو ڕوداوەیە لە ئەنجامی پێداکێشانی ئامرازێکی گواستنەوەیە بە مرۆڤ یان ئاژەڵێک، ئەنجامەکەی بریندارکردن یان مردنە.

ب. پێکدادانان: لە ئەنجامی پێکداکێشانی دوو ئامرازی گواستنەوە یان زیاتر لەگەڵ تەنێکی جوڵاو یان جێگیر.

3. وەرگەڕان: ئەو ڕووداوەیە بەهۆی دەرچوونی ئۆتۆمبێلە لەسنوری شۆفێریکردن یان لەدەستدانی هاوسەنگی لە بارودۆخی ئاسایی خۆی(P. Gisbert. , 2006: 93) لەدەستدانی هاوسەنگی ئامرازێکی گواستنەوەیە و لە هێڵی ڕێگا دەردەچێت لەکاتی شۆفێرکردن یان وەستانی لەسەر ڕێگای گشتی کە دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان و بریندارکردن یان زیان گەیاندن بە ئۆتۆمبیل و ڕێگا و دامەزراوەکان، کە بەگشتی دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

1) ڕووداوی هاتووچۆی سادە: ناگاتە بریندابوون تا پێویستی بەچارەسەری پزیشکی هەبێت.

2) ڕووداوی هاتووچۆی گەورە (ئاڵۆز) : دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان یان تێکشکانی ئەندامی جەستەی کەسێک(C.N. Shankar Rao. , 2012: 143)

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ڕووداوی هاتووچۆ ئەو پێکدادانەیە بەهۆی ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندنی زەمینی ڕودەدات، دەرئەنجامەکەی زیانی ماددی و گیانی لێدەکەوێتەوە، دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان و بریندارکردن و زیانگەیاندن بە ئۆتۆمبیل و ڕێگا و دامەزراوەکان.

3. شاری هەولێر

هەولێر دەکەوێتە باشووری کوردستانی گەورە و باکوری وڵاتی عێراقی فیدراڵ، پایتەختی هەرێمی کوردستانە. شاری هەولێر دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی(35.45-37) و هێلی دریژی(43-45). (ئەحمەد

حەیران، ماڵپەڕی پارێزگای هەولێر). هەولێر بە یەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان دەژمێردرێت کە مێژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ ٩٠٠٠ پێش زایین. شاری هەولێر دەکەوێتە نێوان هێلی پانی(35.45-37) و هێلی درێژیّ(45-43)، لە نووسراوەکانی پاشای سۆمەری، سلووکی ناونراوە بە ئوربیلم، لە نووسراوەکانی بابلی و ئاشووری بە ئەربائیلۆ ناودەبرا، کە بە واتای چوار خودا دەهات، لە سەردەمی بابلی شوێنی پەرستنی عەشتار بووە .

## بەشی دووەم: مێژووی هاتووچۆ و تۆڕی گواستنەوە لە شاری هەولێر

### باسی یەکەم: تۆڕی گواستنەوە لە شاری هەولێر

1. شێوازی تیشکی:

ئەم شێوەیە لەزۆربەی شارەکانی جیهان هەیە و خۆی لەچەند ڕێگایەکی سەرەکی دەبینێتەوە، لە ناوەڕاستی شارەوە دەست پێدەکات و ئاڕاستەی بەرەو دەرەوەی شارە، کە هەریەك لەو ڕێگا تیشکۆیانە بۆتە هۆی گەشەی ڕێگاکە بەشێوازی هێڵی، ڕێگا تیشکۆکان لە شاردا بۆتە هۆی چەند شەقامێکی لاوەکی بەیەکەوە بەستراو، باشی ئەم جۆرە ڕێگایە ئەوەیە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی و دووری ڕێگاکان لەنێوان گەڕەگەکان( Vidya Bhushan، ٢٠٠٥: ٢١١) ئەم ڕێگایە چەند جۆریکە وەك(شەقامی شۆڕش، شەقامی کۆیە، شەقامی کەرکوك، شەقامی مەخمور، شەقامی موسڵ، شەقامی پەرلەمان، ڕێگای کەسنەزان)

3. شێوازی تۆڕی

ئەم شێوازە پێکدێت لە تۆڕێکی شەقامی ستونی و ئاسۆیی، یەکتر دەبڕن لەگەڵ شەقامە سەرەکیەکان. ئەم جۆرە شەقامانە لەیەکتر نزیکن بە ماوەیەکی گونجاو یەکسان، ئەم شێوازە ئاڕاستەی شەقامەکان و ڕووی باڵەخانەکان بەشێوەیەکی ڕێك و ڕاست دیاری دەکات و دەبێتە هۆی دروست بوونی نەخشەی

ڕێگاو بان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەبەرچاوی شۆفێر. ( R.N.Sharma ، ٢٠٠٩: ١٣٦)

4. شێوازی بازنەیی

ئەم شێوازە پێکدێت لە کۆمەڵێك شەقام، لەئەنجامی فراوان بوونی شارەکە دروست دەبێت، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم شەقامانە بە چوار دەوری قەڵات سوڕاونەتەوە، شێوازێکی بازنەیی پێوە دیارە کە بریتین لە ( شەقامی قەڵا، شەقامی بارزانی نەمر، شەقامی گولان، شەقامی کوردستان، شەقامی پێشەوا قازی، شەقامی ١٢٠ مەتری.)

## باسی دووەم: مێژوی هێنانی ئۆتۆمبێل و دامەزراندنی پۆلیسی هاتوچۆ لە شاری هەولێر

1. لەســـاڵی1974 یەکەم بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ لە شـــاری هەولێر کراوەتەوە، ( عقیـد / نوری مصطفی) یەکەم بەڕێوەبەری هاتووچۆی هەولێر بوو هەتا ساڵی 1975.
2. فتح الله عباس علی؛ یەکەم پۆلیسی هاتووچۆ بوو لە هەولێر، لە ساڵی 1939 دامەزراوە.
3. ساڵی 1915 سەربازە ئەڵمانییەکان یەکەمین ئۆتۆمبێلیان هێنایە شاری هەولێر.

کۆتایی ساڵی 1918 کاتێك کە ئینگلیز دەسەڵات بەسەر هەولێردا دەگرن، لە حوزەیرانی 1919 (کابتن های ) دەبێتە یەکەم حاکمی سیاسی هەولێر، لەپێناو ئاسانکردنی کاروبارەکانی خۆیان؛ ئۆتۆمبێلی خۆیان دەهێننە هەولێر(علی محمد مستەفا، ٢٠٠١: ١٤)

ســـاڵی 1918-1919 : ئەحمەد ئەفەندی ســـەرۆکی شـــارەوانی هەولێر، دەرگای (ئەحمەدییە)ی قەڵا دروســـت دەکات و ئەو شـــەقامە قیرتاو دەکات کە بەســـەر قەڵادا هەڵدەگەڕێت، تاکو ئینگلیزەکان بەئاسانی ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان بهێننە ناوقەڵا. هەر لەو ماوەیەشدا ئەوشەقامەی ناوەڕاستی قەڵا کە دەرگای ئەحمەدییە بەدەرگای ناوبازاڕ دەبەستێتەوە قیرتاو دەکرێت.

ساڵی1920 مەلا فەندی یەکەمین هەولێرییە لە ساڵی (1920) دەبێتە خاوەن ئۆتۆمبێلی خۆی.

ساڵی 1926 : خدری پاشا لەدوای مەلا فەندی دووەمین کەس بووە لە هەولێر ئۆتۆمبێلی کڕیوە.

ساڵی 1928: ئینگلیز بۆیەکەم جار خولی فێرکردنی لێخورینی ئۆتۆمبێلیان کردۆتەوە.

ساڵی 1929: عەلی گاور مۆڵەتی ژمارە(1)ی لێخورینی ئۆتۆمبێلی بچوکی وەرگرتوە (محمد مستەفا، ٢٠١١: ٣٩)

## بەشی سێیەم: هۆکارەکانی زۆربوونی ڕوداوەکانی هاتوچۆ

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی WHO لە ساڵێکدا نزیکەی (1،350،000) (یەك ملیۆن و سێ سەد و پەنجا هەزارکەس) بەڕووداوی هاتووچۆ گیان لەدەست دەدەن، تەنها لەساڵی (٢٠١٧) بەپێی ئامارە فەرمییەکانی دەوڵەتان (1،353،927)( یەك ملیۆن و سێ سەد و پەنجاو سێ هەزار و نۆسەد و بیست و حەوت) کەس گیانیان لەدەست داوە هەروەها پەنجاو چوارملیۆن کەس بریندار بوون. پێشبینی دەکرێت بۆساڵی (٢٠٢٥) ئەم ڕێژەیە زۆر بەرز ببێتەوە و بگاتە (٢ ملیۆن کەس ساڵانە گیان لەدەست بدەن، ئەم ڕێژەیەش (80%) لە وڵاتە هەژارەکانە و داهاتی تاك تیایدا کەمە (Guy Klemens، ٢٠١٦: ٦٣) عێراق بە پلەی پێنجەم دێت لەسەر ئاستی جیهان بۆ ڕووداوی هاتوچۆ، دەکرێت هۆکارە سەرەکییەکانی زۆربونی پێکدادانەکانی هاتوچۆ لەم چەندخاڵەی خوارەوە بخرێتە ڕوو:

1. سەرقاڵی لەکاتی شۆفێری: هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێلن وەک (بەکارهێنای موبایل، قسەکردن، خەیاڵ ڕۆشتن، سەرقاڵ بون بە سپیکەری ئۆتۆمبێل، چاتکردن بە موبایل،...).
2. لێخوڕینی سەرخۆش: شۆفێری لەکاتی سەرخۆشی یەکێکە لە سەرەکی ترین هۆکاری ڕووداوەکان.
3. خێرایی: یەکێکە لە هۆکارەکانی پێکدادان، بەتایبەت لەو ڕێگایانەی کە گونجاونین بۆ خێرا لێخوڕین.
4. لێخوڕینی سەرکەشی: گۆڕینی ڕێگاکان بە خێرایی زۆر و شۆفێریکردنی شەڕانگێزی لە سەر ڕێگاکان دەکرێت ڕووداوی ترسناکی لێ بکەوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. باران، تەم، بەفر، شەختەبەند: گۆڕانکارییە سروشتییەکان و کاریگەرییە ژینگەییەکان هۆکارێکی سەرەکی پێکدادان و ڕوداوی هاتوچۆیە.

6. نەبونی هێماکانی هاتوچۆ: هێماکانی هاتوچۆ ڕێنمایی شۆفێر دەکەن کە چۆن بەرێگادا بڕوات، نەبونی ئەم هێمایانە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی شارەزای ڕێگا نین دەبێتە هۆی زۆربونی پێکدادانی هاتوچۆ.

7. لێخوڕینی شەو: تاریکی و نەبونی ڕوناککەرەوەی ڕێگاکان هۆکارن بۆ زۆربونی پێکدادان. لێخوڕین لە شەودا نزیکەی دوو ئەوەندە ڕوودانی ڕووداوی ئۆتۆمبێل ڕوو دەدات.

8. کەموکوڕی ڕێگا: هەبونی تاسە، چاڵ، باریکی ڕێگا، قەرەباڵغی، تێکەڵ بونی ئۆتۆمبێلی گەورە و بچوک... هۆکارن بۆ زۆربونی پێکدادانەکان.

9. کات و وادە: بونی وادە بۆ دیدار و دەوام، پەلەکردن بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست هۆکارە بۆ نەمانی تەرکیز لەکاتی شۆفێری کردن و توشبون بەڕوداوی هاتوچۆ.

10. لێخوڕینی هەڵە/ سوڕانەوەی نەشیاو: لێخوڕینی نایاسایی و ڕۆیشتن بەڕۆنگ ساید، پابەن نەبون بە یاساکانی هاتوچۆ، لێخوڕین بەبێ مۆڵەتی یاسایی، هۆکارن بۆ زۆربونی پێکدادانی هاتوچۆ.

١١. شۆفێرە هەرزەکارەکان: پێشبڕکێ و قۆشمەچێتی هەرزەکاران لەکاتی شۆفێری هۆکارە بۆ زۆربونی ڕوداوەکان و تێکدانی سیستەمی شۆفێری لە ڕێگاکاندا.

١٢. تازە شوفێرەکان و بێ ئەزمونەکان سیسستەمی هاتوچۆ تێک دەدەن و پێکدادان زۆر دەکەن.

١٣. پەڕینەوەی ئاژەڵ لە ڕێگا سەرەکییەکان بەتایبەت لە نزیک گوندەکان هۆکارن بۆ ڕودانی هاتوچۆ

١٤. پێشبڕکێی نێوان شۆفێرەکان و درک نەکردن بە مەترسییەکانی پێکدادان هۆکارە بۆ زۆربونی ڕوداوەکان.

١٥. ڕاکردن لە گڵۆپە سوورەکان: کاتێک ترافیک سور دەبێت و شۆفێر ناوەستێت، دەبێتە هۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێل.

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٦. شۆفێریکردن لەکاتی تورەیی: کاتێک کەسێک بە تورەییەوە شۆفێری دەکات و لە شۆفێرەکانی دیکە تورەیە پابەندی یاساکان نابێت و توشی پێکدادان دەبێت.

١٧. چەماوە کوشندەکان لەسەر ڕێگاکان هۆکارن بۆ پێکدادانی هاتوچۆ (CN. Ram، ٢٠١٨:٦٧

## باسی دووەم: ئامارەکانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ لە شاری هەولێر لە سێ ساڵدا

ژمارەی ڕوداوەکانی هاتوچۆیَ ساڵی 2017 ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای هەولێر (تەنها ئەو ڕوداوانەی لای پۆلیستی هاتوچۆ تۆمارکراون)

| مانگەکان | ژمارەی ڕوداو | جۆری ڕوداو | | | | ڕوداوی ماتۆڕسکیل | کاتی ڕوداو | | شوێنی ڕوداو | | ژمارەی مردوو | | کۆی ژمارەی مردوو | ژمارەی بریندار | | کۆی ژمارەی بریندار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێکدادان | وەرگەڕان | شێلان | هیتر | | شەو | ڕۆژ | ناوشار | قەراغ | مێ | نێر | | مێ | نێر | |
| م1 | 9[illegible] | 6[illegible] | 1[illegible] | 2[illegible] | 0 | 1[illegible] | 6[illegible] | 2[illegible] | 3[illegible] | 6[illegible] | 2 | 1[illegible] | 1[illegible] | 2[illegible] | 6[illegible] | 87 |
| م2 | 10[illegible] | 61 | 13 | 26 | 2 | 12 | 32 | 70 | 47 | 55 | 1 | 10 | 11 | 30 | 74 | 104 |
| م3 | 101 | 62 | 13 | 26 | 0 | 15 | 31 | 70 | 44 | 57 | 1 | 9 | 10 | 33 | 81 | 114 |
| م4 | 118 | 68 | 17 | 30 | 3 | 22 | 30 | 88 | 53 | 65 | 7 | 16 | 23 | 31 | 85 | 116 |
| م5 | 120 | 72 | 23 | 24 | 1 | 24 | 36 | 84 | 33 | 87 | 3 | 16 | 19 | 29 | 99 | 128 |
| م6 | 91 | 63 | 9 | 19 | 0 | 23 | 39 | 52 | 42 | 49 | 8 | 16 | 24 | 34 | 85 | 119 |
| م7 | 13[illegible] | 84 | 25 | 24 | 0 | 24 | 66 | 67 | 45 | 88 | 2 | 11 | 13 | 36 | 11[illegible] | 149 |
| م8 | 141 | 75 | 30 | 35 | 1 | 19 | 45 | 96 | 41 | 10[illegible] | 5 | 30 | 35 | 30 | 121 | 151 |
| م9 | 139 | 88 | 1 | 33 | 2 | 24 | 52 | 87 | 62 | 77 | 3 | 12 | 15 | 50 | 139 | 189 |
| م10 | 130 | 70 | 35 | 24 | 0 | 18 | 46 | 84 | 48 | 82 | 2 | 19 | 21 | 20 | 96 | 16 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| م11 | 100 | 62 | 14 | 21 | 3 | 13 | 39 | 61 | 47 | 53 | 3 | 15 | 18 | 14 | 67 | 81 |
| م12 | 81 | 53 | 12 | 15 | 1 | 13 | 31 | 50 | 33 | 48 | 6 | 9 | 15 | 17 | 66 | 83 |
| کۆی مانگەکان | 1354 | 821 | 222 | 297 | 14 | 222 | 507 | 838 | 525 | 829 | 43 | 176 | 219 | 348 | 1089 | 1437 |

ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆی ساڵی 2018 ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای هەولێر (تەنها ئەو ڕووداوانەی لای پۆلیستی هاتوچۆ تۆمارکراون)

| مانگەکان | ژمارەی ڕووداو | جۆری ڕووداو | | | | ڕووداوی ماتۆڕسکیل | کاتی ڕووداو | | شوێنی ڕووداو | | ژمارەی مردوو | | کۆی ژمارەی مردوو | ژمارەی بریندار | | کۆی ژمارەی بریندار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێکدادان | وەرگەڕان | پێدادان | هیتر | | شەو | ڕۆژ | ناوشار | قەزاکان | مێ | نێر | | مێ | نێر | |
| م1 | 119 | 67 | 16 | 34 | 2 | 21 | 26 | 93 | 55 | 64 | 4 | 19 | 23 | 36 | 111 | 147 |
| م2 | 103 | 57 | 15 | 28 | 3 | 15 | 30 | 73 | 45 | 58 | 3 | 11 | 14 | 20 | 64 | 84 |
| م3 | 98 | 57 | 21 | 16 | 4 | 15 | 29 | 69 | 69 | 29 | 2 | 15 | 17 | 22 | 65 | 87 |
| م4 | 108 | 70 | 16 | 21 | 1 | 16 | 37 | 71 | 40 | 68 | 3 | 16 | 19 | 29 | 103 | 132 |
| م5 | 100 | 64 | 13 | 20 | 3 | 22 | 29 | 71 | 43 | 58 | 2 | 14 | 16 | 7 | 59 | 66 |
| م6 | 112 | 58 | 19 | 32 | 3 | 30 | 33 | 79 | 40 | 72 | 5 | 15 | 20 | 29 | 109 | 138 |
| م7 | 116 | 66 | 19 | 26 | 5 | 15 | 32 | 84 | 46 | 70 | 4 | 24 | 28 | 34 | 122 | 156 |
| م8 | 136 | 92 | 19 | 25 | 0 | 30 | 24 | 112 | 60 | 76 | 3 | 21 | 24 | 43 | 124 | 167 |

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| م 9 | 117 | 70 | 21 | 22 | 4 | 14 | 31 | 86 | 50 | 67 | 5 | 23 | 28 | 22 | 87 | 109 |
| م 10 | 110 | 62 | 11 | 36 | 1 | 15 | 31 | 79 | 41 | 69 | 8 | 17 | 25 | 24 | 102 | 126 |
| م 11 | 119 | 62 | 16 | 38 | 3 | 22 | 32 | 87 | 44 | 75 | 3 | 25 | 28 | 20 | 97 | 117 |
| م 12 | 95 | 64 | 13 | 17 | 1 | 17 | 24 | 71 | 40 | 55 | 5 | 18 | 23 | 8 | 57 | 65 |
| کۆی مانگەکان | 1333 | 789 | 199 | 315 | 30 | 232 | 358 | 975 | 572 | 761 | 47 | 218 | 265 | 294 | 1100 | 1394 |

ژمارەی ڕوداوەکانی هاتوچۆی ساڵی 2019 ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای هەولێر (تەنها ئەو ڕوداوانەی لای پۆلیستی هاتوچۆ تۆمارکراون)

| مانگەکان | ژمارەی ڕوداو | جۆری ڕوداو | | | | ڕوداوی ماتۆرسکیل | کاتی ڕوداو | | ژمارەی مردوو | | کۆی ژمارەی مردوو | ژمارەی بریندار | | کۆی ژمارەی بریندار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێکدادان | وەرگەڕان | پێلادان | هیتر | | شەو | ڕۆژ | مێ | نێر | | مێ | نێر | |
| م 1 | 120 | 77 | 18 | 24 | 1 | 13 | 27 | 93 | 2 | 16 | 18 | 32 | 90 | 122 |
| م 2 | 100 | 65 | 16 | 18 | 1 | 13 | 18 | 82 | 2 | 7 | 9 | 34 | 83 | 117 |
| م 3 | 92 | 63 | 9 | 20 | 0 | 17 | 14 | 78 | 4 | 7 | 11 | 27 | 74 | 101 |
| م 4 | 83 | 52 | 9 | 22 | 0 | 15 | 11 | 72 | 1 | 6 | 7 | 17 | 49 | 66 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| م 5 | م 6 | م 7 | م 8 | م 9 | م 10 | م 11 | م 1 | کۆی مانگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 103 | 111 | 148 | 143 | 168 | 158 | 139 | 10 | 1.465 |
| 48 | 64 | 86 | 93 | 103 | 106 | 92 | 63 | 912 |
| 11 | 17 | 28 | 16 | 24 | 19 | 19 | 12 | 198 |
| 43 | 27 | 30 | 30 | 36 | 32 | 27 | 26 | 335 |
| 1 | 2 | 4 | 4 | 5 | 1 | 1 | 0 | 20 |
| 15 | 20 | 30 | 35 | 40 | 25 | 33 | 12 | 268 |
| 19 | 18 | 33 | 4 | 34 | 30 | 35 | 35 | 305 |
| 84 | 92 | 115 | 102 | 134 | 128 | 104 | 76 | 1.160 |
| 1 | 0 | 1 | 1 | 6 | 5 | 6 | 3 | 32 |
| 23 | 24 | 15 | 19 | 20 | 13 | 17 | 8 | 175 |
| 24 | 24 | 16 | 20 | 26 | 18 | 23 | 11 | 207 |
| 17 | 22 | 22 | 34 | 40 | 35 | 31 | 28 | 339 |
| 71 | 81 | 111 | 110 | 115 | 112 | 103 | 53 | 1052 |
| 88 | 98 | 133 | 144 | 155 | 147 | 134 | 81 | 1.386 |

بەشیکردنەوە و تێگەشتن لەم سێ خشتەی سەرەوە دەتوانین بەم چەند خاڵەی خوارەوە بگەین:

١-لە ناوشار بەهۆی زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل پێکدادان زیاترە بە بەراورد لەگەڵ قەزا و ناحییەکان.

٢-ڕەگەزی نێر بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتریان شۆفێرە زیاتر پێکدادان دەکەن و دەمرن ئەمەش هاوسەنگی ڕەگەزی تێکدەدەت.

٣-زیاتر لە چوار هەزار پێکدادان ڕوی داوە، ئەگەر هەر روداوێک بۆ چاککردنەوە و دابەزینی نرخی ئۆتۆمبێل هەزار دۆلار دابنرێت ئەوا ئابوری تاکەکانی کوردستان نزیکەی چوار ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوتووە.

٤-زیاتر ڕوداوەکان بریتین لە پێکدادان، بەهۆی شێوازی ژیان خەڵک ، ژمارەی پێکدادانەکان لە ڕۆژدا زیاترن تاکو شەو.

٥-٦٩١٥ کەس بە پێکدادانی هاتوچۆ گیانیان لەدەست داوە، واتا ڕۆژانە نزیکەی دووکەس گیان لەدەست دەدەن.

٦- ٤٢١٧ کەس بریندار بوون و ژمارەیەک لەو برینداڕانە کەم ئەندام بون دووبارە ئەمەش هاوسەنگی ڕەگەزی تێکدەدات و پێویستی بە خەرجییە.

٧- ساڵ دوای ساڵ روداوەکانی ماتۆڕسکیل زیاتر دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پابەندی ڕێنماییەکانی پۆلیسی هاتوچۆ نابن.

هەروەها بەپێی ئامارە فەرمییەکان 1.742.815 ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە کوردستان هەن، ئەم ژمارەیە ئۆتۆمبێلی سەربازی ناگرێتەوە هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی ئۆتۆمبێلی بێ ژمارە هەن کە بە زمانی بازاڕ پێی دەگوترێت (علوج) و بەدەرن لەم سەرژمێرییە.

7.300.000 لیتر بەنزین ڕۆژانە دەسوتێت، ئەگەر یەك لیتر بەنزین بە هەموو جۆر و کواڵێتییەکانەوە بە 600 دینار هەژمار بکرێت ئەوا خەرجی دابینکردنی بەنزینی ڕۆژانە بریتییە لە 4.380.000.000 چوار ملیار و سێ سەد و هەشتا ملیۆن دینار، پارێزگای هەولێر پێویستی بە 3 ملیۆن لیتر بەنزین هەیە، پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕین پێویستی بە 3 ملیۆن لیتر بەنزینن هەیە، پارێزگای دهۆك 1.300.000 لیتری پێویستە (ئابوری بەژمارە،کەناڵی سپێدە، ٢٠٢٠/٤/١٦)

## تەوەرەی دووەم/ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

## بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان

**1.** میتۆدی توێژینەوەی بار(دراسە الحالە) (Case Study):

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی توێژینەوەی بار بەکارهێنراوە لەگەڵ ئەوکەسانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون، ئەم میتۆدەش بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری و لە زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێت، دەشێت ئەو زانیارییە لەسەر (تاك، گروپ، گرفت، خێزان، ڕوداو، شوێن...) بێت. ئەم میتۆدە بەتەواوی پێچەوانەی میتۆدی ئەزمونگەرییە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییان جیاوازە. ئەم میتۆدە چەند ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری هەیە کە بریتین لە (تێبێنیکردن، چاوپێکەوتن، کۆکردنەوەی بەڵگەنامە...) و بە گشتی بۆ توێژینەوەی Quantitative (جۆری) بەکاردێت. چەند جۆرێك توێژیەوەی بار هەیە[1] لەم توێژینەوەیەدا تاکە توێژینەوەی بار single case study و ڕێبازی فرە ڕەهەند Holistic approach و بەکارهاتووە، بەڵگەنامەکان کۆکراوەتەو و فۆڕمی ڕاپسری داوە بەو کەسانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتوون.

## 2. بوارەکانی توێژینەوە:

**أ) بواری شوێن:** سنوری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە بریتییە قەزای ناوەندی پارێزگای هەولێر.

**ب) بواری مرۆیی:** ئەم توێژینەوەیە ئاماری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بونەتە قوربانی پێکدادانی هاتوچۆ. کە ژمارەیان (٥٠) کەسە لە هەردوو ڕەگەز.

---

[1] . تاکە توێژینەوەی بار single case study: بریتییە لە توێژینەوە کردنی تەنها یەك (تاك، خێزان، گرفت، دیادە، گروپ....) فرە توێژینەوەی بار Multiple case study: توێژینەوە لەسەر یەکێك لە قۆناغەکانی دوو یان زیاتر دەکات کە دەشێت (کۆمپانیا، خێزان، تاك، بەرهەم هێنان،گروپ،....) بێت و خاڵە لێکچوو و جیاوازەکانیان دەخاتە ڕوو. ڕێبازی فرە ڕەهەند Holistic approach: لە هەموو ڕەهەند و هۆکارەکانی (تاك، خێزان، گروپ، گرفت، دیاردە....)یەك دەتوێژیتەوە. ڕێبازی تاك ڕەهەند embedded approach:لە تەنها هۆکارێك و لایەنێکی (تاك، خێزان، گروپ، گرفت، دیاردە....)یەك دەتوێژیتەوە. بەگشتی Multiple case study و embedded approach پێکەوە بەکاردێن هەروەها Holistic approach و single case study پێکەوە بەکاردێن.

**ت) بواری كات**: لە ڕێكەوتی (٢٠٢١/1/1) دەست كراوە بە كۆكردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بواری تیۆری و لە ( ٢٠٢١/٢/٢١) كۆتایی هات، بواری پراكتیكی لە ١ / ٢٠٢١/٣ لایەنی مەیدانی دەستی پێكرد و لە ٢٠٢١/٣/١٤ كۆتایی هات.

## 3. نمونەی توێژینەوەكە و ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری:

ا. نمونەی توێژینەوەكە: نمونەی مەبەستدار ( العینه القصدیه) purposive sampling

یەكێكە لە جۆرەكانی (نمونە نا ئەگەرییەكان) كە لەم جۆرەدا توێژەر مەبەستدارانە نمونەیەك هەڵدەبژێرێت لەناو یەكەكاندا ئەم نمونەیە بەمانای هەڵبژاردنی بەمەبەستی توێژەرە بۆ ئەندامانی نمونەكەی بەپێی ئامانجی توێژینەوەكەی، واتا ئەم نمونەیە هەلی یەكسان ناداتە تەواوی یەكە كۆمەڵایەتییەكان تا ببنە ئەندام لە نمونەكەدا توێژەر بە مەبەست كۆمەڵێك خەڵك هەڵدەبژێرێت بۆ توێژینەوەكردن لەسەر بابەتێكی دیاریكراو كە دەبێت ئەو كۆمەڵە خەڵكە هۆكار و هاوكار بن بۆ وەڵامدانەوەی گرفتی توێژینەوەكە و ببنە ئامرازی بەدەستهێنانی ئامانجی تویژینەوەكە. (Berg, B، ١٩٩٨: ١١٢)

### ب. ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری:

چەندین ئامرازی گرنگ هەیە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری كە توێژەرانی كۆمەڵایەتی لە توێژینەوەكانیاندا پشتی پێ دەبەستن. ئەو ئامرازەی لەم توێژینەوەیەدا بەكارهاتووە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری بریتییە لە (داتاكانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر و فۆڕمی ڕاپرسی) دراوە بەوكەسانەی توشی ڕوداوی هاتوچۆ هاتوون.

بەشی پێنجەم: خستە ڕووی زانیارییە بەدەستهاتووەكان

یەكەم: پرسیارە گشتییەكان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (1) تەمەنی ئەو شۆفێرانە دەخاتەڕوو کە توشی پێکدادانی هاتوچۆ بوون

| ژ | تەمەن | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1 | ١٨ - ٢٦ | ٪١٩ |
| 2 | ٢٧ -٣٤ | ٪٣٨ |
| 3 | ٣٥ – ٤٢ | ٪٢٤ |
| 4 | ٤٣ – ٥٠ | ٪١١ |
| 5 | ٥١ – ٥٨ | ٪٨ |
| 6 | کۆی گشتی | %100 |

لە خشتەی ژمارە (1) دەردەکەوێت کە(%١٩) ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون تەمەنیان لەنێوان (١٨ – ٢٦) ساڵیدایە،(%٣٨) ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون تەمەنیان لەنێوان (٢٧ – ٣٤) ساڵیدایە، (%٢٤) ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون تەمەنیان لەنێوان (٣٥ – ٤٢) ساڵیدایە،(%١١) ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون تەمەنیان لەنێوان (٤٣ – ٥٠) ساڵیدایە،(%٨) ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون تەمەنیان لەنێوان (٥١ – ٥٨) ساڵیدایە. لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت زۆرینەی ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون گەنجن و تەمەنێکی دیاریکراویان هەیە.

خشتەی ژمارە (2) ڕەگەزی  ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون دەخاتەڕوو

| ژ | باری کۆمەڵایەتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1 | نێر | %٨٤ |
| 2 | مێ | %١٤ |
| 3 | کۆی گشتی | %100 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ( %٨٤) ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون نێرن و زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەن،(%١٤) ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون لەڕەگەزی مێن.

خشتەی ژمارە (٣) باری کۆمەڵایەتی ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون دەخاتەڕوو

| ژ | باری کۆمەڵایەتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1 | سەڵت | %٦٤ |
| 2 | خێزاندار | %٣٦ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 3 | کۆی گشتی | %100 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت (%٦٤) ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون سەڵتن و زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەن،(%٣٦) ئەوانەی توشی پێکدادانی هاتوچۆ هاتون خێزاندان.

خشتەی ژمارە (٤) ئاستی خوێندەواری بەشداربوان دەردەخات

| ژ | ئاستی خوێندەواری | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ | سەرەتایی | ٪١١ |
| ٢ | ناوەندی | ٪١٩ |
| ٣ | ئامادەیی | ٪٣٦ |
| ٤ | دبلۆم | ٪١٤ |
| ٥ | بەکالۆریۆس | ٪13 |
| ٦ | ماستەر | 7% |
| ٧ | کۆی گشتی | %100 |

لەخشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت (%11) تا ئاستی سەرەتاییان خوێندووە، (%19) تا ئاستی ناوەندییان خوێندووە،(%36) تا ئاستی ئامادەییان خوێندووە،(%14) تا ئاستی دبلۆم خوێندووە، (%13) بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، (%7) بڕوانامەی ماستەریا هەیە. لەم خشتەیە دەردەکەوێت زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بڕوانامەی ئامادەییان خوێندوە.

## دووەم: زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوەکە:

| ژ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | ئایا پێکدادانی هاتووچۆ بۆتە هۆی دروست بوونی کێشە لەخێزانەکەتدا؟ | ٪57 | ٪13 | ٪30 | ١٠٠٪ |
| ٦ | ئایا پێکدادانی هاتووچۆ بۆتە هۆی قەرزاربوونی بونت؟ | ٪53 | ٪17 | ٪30 | ١٠٠٪ |
| ٧ | ئایا هیچ ئەندامێکی خێزانەکەت لە دەستداوە لە پێکدادانی هاتوچۆ؟ | ٪37 | ٪0 | ٪63 | ١٠٠٪ |
| ٨ | ئایا پێت وایە ئەو تاکە سەڵتانەی لە پێکدادانی هاتوچۆدا کەم ئەندام دەبن، لە پێکهێنانی هاوسەرگیری توشی کێشە دەبن؟ | ٪80 | ٪10 | ٪10 | ١٠٠٪ |

## گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ئایا پێکدادانی هاتووچۆ سەرقاڵ بوونی خێزان بە چارەسەرکردنی ئەو کێشەوە؟ | ٪5<br>5 | ٪2<br>0 | ٪2<br>5 | ١٠<br>٪٠ |
| ١٠ | ئایا پێکدادانی هاتووچۆ بۆتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و گلەیت لەو کەسانەکرد کە سەردانیان نەکردویت؟ | ٪5<br>9 | ٪3<br>1 | ٪1<br>0 | ١٠<br>٪٠ |
| ١١ | ئایا ئەو ڕوداوە بۆتە یادگارییەکی ناخۆش لەژیانت و کاتێک بیرت دەکەوێتەوە خەمی پێ بخویت؟ | ٪4<br>3 | ٪3<br>3 | ٪3<br>4 | ١٠<br>٪٠ |
| ١٢ | ئایا پێکدادانی هاتووچۆ دەبێتە هۆی نائومێد بوون و خەمۆکی بۆ زەرەرمەند؟ | ٪6<br>2 | ٪2<br>2 | ٪1<br>6 | ١٠<br>٪٠ |
| ١٣ | ئایا لەکاتی ڕوداوەکە توشی شەڕ و دەمەقاڵێ بویت لەگەڵ ئەو کەسەی توشی ڕوداو بویت؟ | ٪3<br>9 | ٪4<br>6 | ٪1<br>5 | ١٠<br>٪٠ |
| ١٤ | ئایا ئەو کەسانەی لە پاش ڕوداوەکە لەدەورتان کۆبونەوە توانییان هیچ سودێکتان پێ بگەیەن و دەرونتان ئارام بکەنەوە؟ | ٪7<br>7 | ٪1<br>3 | ٪1<br>0 | ١٠<br>٪٠ |
| ١٥ | ئایا ئەگەر کەسێک لە ڕوداوی هاتوچۆ زیانێکی گیانی بە تۆ یان ئەندامێکی خێزانەکەت بگەیەنێت ئامادەی لێی ببوری؟ | ٪4<br>9 | ٪4<br>0 | ٪1<br>1 | ١٠<br>٪٠ |
| ١٦ | ئایا ئەو کەسەی زیندان دەکرێت لە ئەنجامی پێکدادانی هاتووچۆ کۆمەڵگە وەك ئەو کەسانە سەیریان دەکات کە لەسەر تاوان زیندان کراون؟ | ٪2<br>0 | ٪1<br>9 | ٪6<br>1 | ١٠<br>٪٠ |
| ١٧ | ئایا پێت وایە پێکدادانی هاتوچۆ هۆکارێکە بۆ ناسینی هەڵوێستی بەرامبەر و هاورێکانت؟ | ٪4<br>5 | ٪2<br>7 | ٪2<br>8 | ١٠<br>٪٠ |
| ١٨ | ئایا ئەو زیانە ئابوورییەی کردت شوێنەواری لەسەر ژیانت دانا؟ | ٪4<br>4 | ٪3<br>3 | ٪2<br>3 | ١٠<br>٪٠ |
| ١٩ | ئایا ئامادەیت لە شۆفێرێک ببوری کە ئافرەت بێت,هەرچەند سوچی ئەو بێت لە ڕودوەکە؟ | ٪5<br>1 | ٪2<br>9 | ٪2<br>0 | ١٠<br>٪٠ |
| ٢٠ | ئایا پاش ئەو ڕوداوەی بەسەرتدا هات، بریارت داوە زیاتر پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆبیت؟ | ٪3<br>0 | ٪5<br>0 | ٪2<br>0 | ١٠<br>٪٠ |
| ٢١ | ئایا پێت وایە ئەو کەسانەی ڕێککاری بۆ ئۆتۆمبێل دەکەن (تنعدیلچی) کەسانێکن لە خەمی شۆفێراندان و باری سەرشانیان گران ناکەن؟ | ٪9 | ١٣٪ | ٪7<br>8 | ١٠<br>٪٠ |
| ٢٢ | ئایا سەرزەنشت کراویت لەسەر ئەوەی کە دەبوایە باشتر شۆفێریت بکردایە ئەگینا توشی ئەم ڕوداوە نەدەهاتی؟ | ٪5<br>9 | ٪2<br>1 | ٪3<br>0 | ١٠<br>٪٠ |
| ٢٣ | ئایا زیانی ئەو پێکدادانەیان پێ بژاردی؟ | ٪5<br>0 | ٪1<br>0 | ٪4<br>0 | ١٠<br>٪٠ |
| ٢٤ | ئایا پێت وایە ڕوداوەکانی هاتوچۆ زیانێکی گەورە بەر ئابوری کوردستان و تاک دەگەیەنن؟ | ٪8<br>5 | ٪1<br>5 | ٪0 | ١٠<br>٪٠ |
| ٢٥ | ئایا ڕوداوەکە بۆتە هۆی ئەوەی گلەیی لە ڕێگای هاتوچۆ بگریت و ڕقت لەدەسەڵات بێتەوە و ڕەخنە بگریت؟ | ٪5<br>2 | ٪1<br>9 | ٪2<br>9 | ١٠<br>٪٠ |

## ئەنجام:

پێکدادانی هاتووچۆ بۆتە هۆی دروست بوونی کێشە لەخێزانەکەتدا هەروەها بۆتە هۆی قەرزاربوونی بونی بەشێکی زۆری ئەوانەی وتشی ڕوداوی هاتوچۆ دەبن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو تاکە سەڵتانەی لە پێکدادانی هاتۆچۆدا کەم ئەندام دەبن، لە پێکهێنانی هاوسەرگیری توشی کێشە دەبن هەرەها دەبێتە هۆی سەرقاڵ بوونی خێزان بە چارەسەرکردنی ئەو کێشەوە، لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆی دروسبونی یادگارییەکی ناخۆش لەژیانی ئەوکەسانەی توشی ڕوداوی هاتوچۆ دەبن وە دەبێتە هۆی نائومێد بوون و خەمۆکی بۆ زەرەرمەند.

ئەوانەی توشی ڕوداوی هاتوچۆ دەبن توشی شەڕ و دەمەقاڵێ دەبن لەگەڵ ئەو کەسەی ئەو کەسەی ڕاودەوەکەیان کردووە و ئەمەش ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە،هەروەها کەسانەی لە پاش ڕوداوەکە لەدوەری ئەو شۆفێرانە کۆدەبنەوە ناتوانن هیچ سودێکیان پێ بگەیەنن و دەرونتان ئارام بکەنەوە، بۆیە پێویستە یاسایەک دەربچێت و سزای هەرکەسێک بدرێت کە ڕێگاکان قەرەباڵغ دەکات لەکاتی ڕوداوی هاتوچۆ،هەروەها ئەو زیانە ئابورییەی تاک توشی دەبێت شوێنەوار لەسەر ژیانی دروست دەکات.

پیاوەکان ئامادەن لە شۆفێرێک ببورن کە ئافرەت بێت,هەرچەند سوچی ئافرەتەکە بێت لە ڕودەوەکە، ئەمەش جێگای سەرنج و تێڕامانە کە بۆ لە پیاو نابورن بەڵام لە ئافرەت دەبورن! ڕوداوەکان نەبۆتە هۆی ئەوەی شۆفێرەکان لەپاش ڕوداو زیاتر پابەندی یاساکانی هاتۆچۆ بن!

زۆرینەی ئەوانەی توشی ڕوداوی هاتوچۆ بون پێیان وایە ئەو کەسانەی ڕێککاری بۆ ئۆتۆمبێل دەکەن (تنعدیلچی) کەسانێکن لە خەمی شۆفێراندان و باری سەرشانیان گران دەکەن، هەروەها روداوەکانی هاتوچۆ زیانێکی گەورە بەر ئابوری کوردستان و تاک دەگەیەنلەگەڵیشیدا بۆتە هۆی ئەوەی گلەیی لە ڕێگای هاتۆچۆ بکرێت و ڕەخنەی زیاتر لەدەسەلات بگیرێت.

## پێشنیاز:

بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردە و گرفتە کۆمەڵایەتییە بەپێویستی دەزانین ئەم چەند پێشنیازە بخەینەڕوو:

١.پێویستە ڕێگاو بونەکانی کوردستان چارەسەربکرێت و هەوڵبدرێت ڕێگاکان بکرێنە جوت ساید.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢.پێویستە ئەو ئۆتۆمبێلانەی دێنە کوردستان کواڵێتیان بەرزبێت و ڕێگە نەدرێت ئۆتومبێلی خراو بێتە ناو کوردستان.

٣.ڕێو شوێنەکانی چاودێری شۆفێران توندبکرێن و بڕی سزاکان زیاتر بکرێن.

٤.بەدواداچاون بۆ هۆکارەکانی پێکدادان بکرێت و هەوڵبدرێت زۆرترینی هۆکارەکان بنەبڕ بکرێن

٥.پێویستە یاسایەک دەربچێت و سزای هەرکەسێک بدرێت کە ڕێگاکان قەرەباڵغ دەکات لەکاتی ڕوداوی هاتوچۆ دێن سەیری ڕوداوەکان دەکەن چونکە ڕێگاکان قەرەباڵگ دەکەن و هیچ سودێک بە شۆفێرەکان ناگەیەنن.

٦.هەوڵ بدرێت ڕێگای گواستنەوەی گشتی وەک (پاس، میترۆ، شەمەندەفەر.....) گەشە پێبدرێت و بەدوای جێگرەوەی ئۆیزمبێل بگەڕێین.

٧.بۆ کەمکردنەوەی پێکدادانەکانی شەو پێویستە ڕێگاکان ڕۆشن بکرێنەوە، چاڵ و تاسەکان لاببرێن بەتایبەت لە ڕێگای دەرەوەی شار زۆرێک لە خواردنگەکان تاسەیان لە پێش خواردنگەکەیان دروست کردووە.

٨. پێویستە ڕێگاکانی دەرەوەی شارەکان و نێوان پارێزگاکان بدرێتە کەرتی تایبەت و لە دیزاین و شێوەیەکی مۆدێرن دروست بکرێنەوە و لەبەرامبەردا پارەیەکی ڕەمزی لە شۆفێران وەربگیرێت. بەمە حەرکی سەرشانی حکومەت سوکتر دەبێت و لەبەرامبەردا کۆمپانیاکە بەرپرس دەبێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕوداوەکانیش کەمتر دەبنەوە.

## Refrenceses

1-Willaim P. Scott (**1999**)dictionary of sociology, W.R. Goyal SaaB publisher, India, P ١٢٩.
2-DR. Kadiyala Jamgannadha Sarma, (2011) A textbook of sociology for B.SC. Nursing, Florence’s publisher, India, p102.

3-P. Gisbert (2006) fundamentals of sociology, published by Orient Blackswan, India, new Delhi, 18th edition, p 93.

4-C.N. Shankar Rao, (2012) principles of sociology, Nirja publisher &printers PVT, new Delhi, seventh revised edition, p143.

-5ئەحمەد حەیران، ماڵپەری پارێزگای هەولێر، https://www.hawlergov.org/app/history

6- Vidya Bhushan, (2005) an introduction to sociology, published by kitab mahal, eidition 39, new delhi, p211.

7 - R.N. Sharma, (2009) principles os sociology, published by media promoters & publishers PVT, mumbai, eight editions, p136

8- علی محمد مستەفا، ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەشاری هەولێر (توێژینەوەیەکی شیکاری- شارنشینیە لە شاری هەولێ لەنێوان ساڵەکانی (2005-2009) ، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات / زانکۆی سەلاحەین کراوە، 2007،لا14.

9- محمد مصگفی، حوادپ لمرور فی مدینە اربیل، دراسە تحلیلیە صفحیە، رسالە ماجستیر غیر نشوە، اقدمە کلیە الاداب، 2011.

10-Guy Klemens, (2016) The History and Technology of the Gadget That Changed the World, McFarland & Company, Inc., Publishers Jefferson, North Carolina, and London, p ٦٣.

12- C.N.RAM, the history of sociology, , published by kitab mahal, eidition 3, new delhi, p 98.

13. بەرنامەی ئابوری بەژمارە، کەناڵی سەتەلایتی سپێدە، ڕێکەوتی 2020/4/16، https://www.facebook.com/SpedaTv/videos/293563068304005/?v=293563068304005

14.Berg, B, (1998) Qualitative Research Methods for the Social Sciences, Needham Heights, MA: Allyn and Bacon, p ١١٢

## Social Consequences of Car Accident in Kurdistan

**Suren Akram Hamanajm**
Department of Sociology, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
surenakram@lfu.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

***Keywords:*** Car accident, social impact, transportation rood, the victom of car accident, main reasons of car accident.

## Abstract

All scientific research is conducted with the aim and purpose, our goal in this research is to show the consequences of car accidents in Kurdistan. This research has two gates, the first gate is dedicated to the theory of the research and it has three chapters. In chapter one, a research problem, a research significance, a research purpose has been written as well as the concept of (Consequence, car accident, Erbil) has been defined. In chapter two the map of Erbil's rood and the history of police traffic in Erbil has been written in another. on chapter three the reasons for car accidents and the statistics of the Erbil traffic directorates have been analyzed.
The second gate has been dedicated to applied research and it has the community of the Research, the sample of the research, the method of the Research, the Areas of the research and Tools for Gathering Information, Tools statistical of Data analysis as well.
Chapter five is about Analysis and Presentation Data, first debate shows Analysis and Presentation Data, Second debate determinations Conclusion, Research results, Research recommendations Research suggestions, Bibliography, Appendix.

---

# الأثر الاجتماعي لحادث سيارة في كردستان

**ملخص:**

يتم إجراء جميع البحوث العلمية بهدف والغرض، وهدفنا في هذا البحث هو إظهار عواقب حوادث السيارات في كردستان. هذا البحث له بوابتان، البوابة الأولى مخصصة لنظرية البحث ولها ثلاثة فصول. في الفصل الأول، مشكلة بحثية، أهمية بحثية، وقد تم كتابة غرض البحث وكذلك مفهوم (نتيجة، حادث سيارة، أربيل). في الفصل الثاني، كُتبت خريطة روود أربيل وتاريخ حركة مرور الشرطة في أربيل في آخر. في الفصل الثالث تم تحليل أسباب حوادث السيارات وإحصائيات مديريات المرور في أربيل.
أما البوابة الثانية فقد خصصت للبحث التطبيقي ولديها مجتمع البحث، وعينة البحث، وطريقة البحث، ومجالات البحث وأدوات جمع المعلومات، والأدوات الإحصائية لتحليل البيانات أيضا.
الفصل الخامس هو حول تحليل وبيانات العرض ، ويظهر النقاش الأول تحليل وبيانات العرض ، والثانية استنتاج المناقشة ، ونتائج البحوث ، والبحوث توصيات اقتراحات البحوث ، الببليوغرافيا ، التذييل.